نەتەنیاهو: هەشتا حەماس هەزاران چەکداری هەیە و هەڕەشەیە بە سەر ئیسرائیل



بنیامین نەتەنیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، باسی لە پلانە نوێیەکانی هەڕشکردنە سەر کەرتی غەزە کرد و جەختی لەوە کردەوە کە خوازیاری درێژکردنەوەی ماوەی شەڕ نییە و کۆنترۆڵکردنی غەزە باشترین ڕێگایە بە کۆتاییهێنان بە شەڕ. دەشێت، "هەشتا حەماس هەزاران چەکداری هەیە و هەڕەشەیە بە سەر ئیسرائیل".

بنیامین نەتەنیاهو، ئەمڕۆ یەکشەممە لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە قودسەوە ڕایگەیاند، پلانی کۆنترۆڵکردنی شاری غەزە باشترین ڕێگایە بە کۆتاییهێنان بە شەڕ، هەروەها پلانە نوێیەکانی هەڕشکردنە سەر غەزە ئامانجمان مامەڵەکردنە لەگەڵ دو پێگەی کۆتایی حەماس.
ئاماژەی بەوەشکرد، "لە سەنگەی ڕەتکردنەوەی حەماس بە دانانی چەک، ئیسرائیل هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوەتەوە جگە لە تەواوکردنی ئەرکەکە. ئەو خشتەی کاتییەی بە ئەپەراسیۆنە سەربازییەکان دامانناوە زۆر خراپە".

نەتەنیاهو باسی لەوەشکرد، "پلانەکە گواستنەوەی هاوڵاتیانی مەدەنی و دروستکردنی ڕووی ئارام بە

دابەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان لەخەدەگرێت، لەگەڵ ڕەگەدان بە فڕەدانەخوارەوەی هاوکارییەکان لە ڕەگەی ئاسمانەوە".

ئەوەشیخستەڕو، "پێنج بنەمامان بە کەتاییهێنان بە شەڕ لە غەزە دیاریکردوە، لەوانە؛

هەوەشاندنەوەی چەکەکانی حەماس، گەڕانەوەی بارمتەکان، دامالینی غەزە لە چەک، کۆنترۆڵی ئەمنی تەواوی ئیسرائیل لە غەزە و بونی ئیدارەیەکی مەدەنی کە سەر بە حەماس و دەسەڵاتی فەڵەستینی نەبێت".

بەگوێرەی وتەکانی نەتەنیاهە، "ئامانجیان داگیرکردنی غەزە نییە، بەڵکو ئازادکردنیەتی لە حەماس"، جەختیشیکردەوە کە حەماس "هەزاران چەکداری لە غەزە هەیە و هەشتا هەڕەشەیە بە سەر ئاسایشی ئیسرائیل".